# بەرزبوونەوەی ڕێژەی توندو تیژی لە عیراق ،بۆ بەرزترین ئاست

ئاراس ڕەشید

بەپێی ڕاپۆرتی وەزارەتی ئەمەریکا،کە هەر 3مانگ جارێک دەردەچێت ،سەبارەت بە هەل ومەرج لە عیراق،کاری توندوتیژی لە عیراق گەیشتۆتە بەرزترین ئاستەکان ،لەوکاتەوەی کە دەسەڵات بە ڕەسمی گوازراوەتەوە بۆ حکومەتی عیراقی لە حوزەیرانی 2004ەوە. ڕاپۆرتەکە ئاماژەی کرد،کە ژمارەی هێرشەکان لە ماوەی هەفتەیەکدا،بەرزبۆتەوە بۆ 1000هێرش لەماوەی ئەم مانگانەی دواییدا.

ترسناکترین کارەکانی توندوتیژی لە بەغداو پارێزگای ئەنباری ڕۆژئاوای عیراق هاتوونەتە ئەنجامدان لەکاتێکداکە هەوادارانی بزووتنەوەی چەکدارانی سونە لەم ناوچانە چالاک ترن.

ئەم زانیاریانە ناوەرۆکی ڕاپۆرتێکی وەرزی و بەردەوامە ،کە پنتاگۆن پیشکەش بە کۆنگرێسی ئەمەریکی دەکات لەسەر گۆڕانکاریەکان لە عیراق. دەرچوونی ئەم ڕاپۆرتە ڕێکەوت بوو لەگەڵ سوێند خواردنی ڕۆبرت غیتس بۆ وەرگرتنی پۆستی وەزارەتی بەرگری لە ئەمەریکا،پاش لابردنی دۆناڵد ڕامسفێڵدی وەزیری بەرگری پێشوو.،پاش ئەوەی ڕۆژی دووشەممە ڕایگەیاند کە شکست هێنان لە عیراق ،دەبێتە کارەساتێک بەدوای ئەمرەیکا بۆ ساڵانێک.

پەیامنێری بی بی سی لە واشنتۆن نیک مایلز گووتی: ناوەرۆکی ڕپۆرتەکە دەبێتە بەڵگەیک کە کارگێری ئەمەریکی دەیدات بەدەستەوە لەسەر ترسناکی هەل ومەرج لەعیراق.

توندو تیژی لە بەرزبوونەوەدایە

ڕاپۆرتەکە کەهەر3مانگ جارێک دەردەچێت بە ناونیشانی " هەڵسەنگاندنی جێگیری ئاسایش لە عیراق" ئاماژەی کرد کە ڕێژەی ناوەندی هەفتانەی هێرشەکانی لە عیراق لە ماوەی نێوان ناوەڕاستی مانگی ئاب تا تشترینی دووەمی ڕابردوو،گەیشتە 959 هێرش،واتە بە بەرز بوونەوەی ڕێژەی 22%.هەروەها بەرزبوونەوەی ڕێژەی قوربانیانی مەدەنی بە ڕێژەی 2%،بە بەراورد لەگەڵ 3مانگی ڕابردوو.

ڕاپۆرتەکە گووتی: 54%ی هێرشەکان لە پایەتختی عیراقی بەغدا و پارێزگای ئەنبار ئەنجام دراون،و زۆربەی قوربانیانیش هاووڵاتیانی عیراق بوون،هەرچەندە کە لە 68%ی هێرشەکان ئامانجیان هێزەکانی ئەمەریکا بووە لە عیراق.

ڕاپۆرتەکە ئاماژەی دا کە ،لەشکری مەهدی ،کەسەربە ڕابەری شیعی مقتدی الصدره،جێگای ڕێکخراوی القاعیدەی گرتۆتەوە لە هەرەشەکردن لە ئاسایشی عیراق.

ڕاپۆرتەکە ووتی کە ناکام بوونی حکوومەتی عیراقی لە دانانی سنورێک بۆ توندو تیژی تیرەگەری لە ووڵات ،بووە هۆی لەدەست دانی متمانەی خەڵکی بە داهاتووی خۆیان.

کورتەی ئاوازی ناو ڕاپۆرتەکە و جەختی سەرۆک بۆش ، بۆ پێویستی گواستنەوەی بەرپرسێتی ئاسایش بۆ عیراقیەکان، بە پێی هەواڵنێرمان.

هۆشداری غیتس

سەرۆک بۆش لەژێر فشاری بەردەوامدایە بۆ بیرکردنەوە لە پلانێکی جدی لە عیراق. بڕوا وایە لە چەند هەفتەی داهاتوودا ئاشکرا بکرێت،کە پلانە تازەکە ،پێویست دەکات کە ژمارەی سەربازان لە عیراق زیاد بکرێت یا مەبدەئی پاشەکشەی هەنگاو بە هەنگاو پیادەبکرێت.

نزیکەی 140.000سەربازی ئەمەریکی لە عیراق بڵاوبوونەتەوە.

غیتس ی جێگرەوەی رامسفێلد ی دەست لەکارکێشەرەوە ،جەختی لەوە کرد کە عیراق کاری سەرەکی ئەو دەگرێتەوە،ووتیشی لە نزیکترین ماوەدا دەچمە ئەو ووڵاتە ،بۆئەوەی لە نزیکەوە لە ڕاو بۆچوونی ڕابەرە سەربازیەکان بگەم بە بێ "ڕازاندنەوە،بۆ باسکردنی ئەو ڕێگا چارانەی کە دەتوانین هەل ومەرج بەرەو چاکتر بەرین.ئەوەشی زیاد کرد کە " هەمووومان دەمانەوێت ڕێگایەک بدۆزینەوە بۆ گەڕانەوەی کوڕان و کچانمان بۆ ووڵاتی خۆیان، بەڵام،هەروەک سەرۆک ڕوونی کردەوە،ناتوانین ناکامی شکست لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەحەمل بکەین".غیتس گووتی" کە ناکام بوون لە عیراق لەم قۆناغەدا،لەوانەیە ببێتە کارەساتێک بەووڵاتەکەمانەوە بنووسێت و متمانەمان لەدەست بدات و ئەمەریکایی یەکان بخاتە ژێر مەترسی یەوە بۆ ماوەی چەند دەیەیەکی داهاتوو".

لە بی بی سی وەرگیراوە

2006/12/20